# تۆ بێ عەقڵی و دەماغت نیە ......!

کە لە فرۆکە دابەزی، چاوەروانی بووم. لەگەڵ هاتنە ئەم دیوی کۆنترۆل، سەرم سوڕما کە تەنها منالە ساواکەی لەگەڵ بوو.

ووتم: ئەی کوا دایکی کچەکەت؟

ووتی: لە سنوور گەراندیانەوە!

ووتم: ئەمە باجی بێ دەوڵەتییە بۆیە وامان بەسەردێ.

ووتی: نا تورک نەبوون... کورد نەیهێشت.

ئیتر چیرۆکی گەڕانەوەی برادەرەکەم لە کوردستان . بەوشێوەیە دەست پێدەکات.

خۆی و منالەکەی پاسپۆرتی سویدیان هەیە و ژنەکەی پاسپۆرتی عێراقی. پێش گەڕانەوەیان پرسياريان لە سەفارەتی تورکیا کردووە بۆ دڵنیا بوونەوە لە تەنگ و چەڵەمەی ڕیگا. سەفارەتی تورکیا پێیان دەلێت؛ ڤیزەتان ناوێ بۆ چوون و هاتنەوەتان. کەلەوسەر دەگەڕێنەوە داوای ڤیزەت لێ دەکەن بۆ ئەوەی لەسەر سنوور لە تورکمانەکان ڤیزە بکڕیت.

هاورێکەم کەبەسروشت مرۆڤێکی نەرم و لەسەرەخۆیە. دەیەوێ بۆ لێپرسراوە کوردەکەی برایم خەلیل روون بکاتەوە، کەژنەکەی ئیقامەی سویدی هەیە تەنها ڕێگەی بدات بچێتە لای تورکمانەکان، لەگەلیان پێک دێت. لێپرسراوە کوردە قینچگەتەنگەکە، قسەی پێی دەبرێت و پێی دەڵێت؛

تۆ بێ عەقلی و دەماغت نیە و تێی ناگەی!

دوای ئەوەی کە دڵنیا دەبێت کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگای نادەن،

ناچاردەبێت خۆی ومناڵە نەخۆشەکەی بگەڕێنەوە سوید و دایکی مناڵە شیرەخۆرەکەی بەجێ بهێڵێت.

من لێرەدا دەمەوێ چەند پرسیارێک لە بەرپرسانی برایم خەلەیل و حوکمەتی بەڕێزی کوردستان بکەم.

وەک خۆیان دەلێن حوکمەت هی خەلکەو بۆ خەڵکە وە کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەموو کوردە نەک تەنها هی پارتی.

1. لێپرسراوانی حوکمەتی بەرێز! ئیوە قبوڵ دەکەن یان پێتان خۆشە لەسەر چەند قسەیکی نەرم پێتان بگووترێت بێ عەقڵ بێ دەماغ ؟

2. ڕاستە ووتراوە، ئەگەر حوکمەتێ رێزی هاوولاتی خۆی نەگرێت، ئەوا لە هیچ شوێنێکی دونیا رێزی تەواوی خۆی نابێ، بەلام ڕاستە ئیمە هەرچەندە بەرەگەز سویدی نیین، لێرە سوکایتیمان پێ نەکراوە وەئەگەر پۆلیسێک یان فەرمانبەرێک کارێکی وا بکات ئەوا دڵنیام دەکەوێتە دادگا و دادگاکاری.

3. لە کوردستان باوە، دەڵێن ئەورپایی بێڕەحمن. کام حوکمەت دایک و منالێکی ساوای نەخۆش لە پلەی45 ی گەرما لەیەک جیا دەکاتەوە.

4. ئیوە باسی کۆمەڵگای شارستانی دەکەن. ئایا جوێندان و ڕێزنەگرتن لە خەڵک، پڕۆسەی پێشخستنی کۆمەڵگایە ؟ وە ئەگەر لێپرسراوێک لە سەروی خۆیەوە سووکایەتی پێ نەکرابێت، ئەویش ئەو پەروەردە دزیوەی لەگەڵ خەلکانێکی تردا بەکارناهێنێت.

5. نازانم ئەو لێپرسراوە کۆنە بەعسیە یان نا، چونکە زۆربەی کۆنە بەعسییەکان وەک (حەربا) هەموو ڕەنگێ بە خۆوە دەگرن و دەچنە ناو هەموو پلەو پایەکەوە. خۆ ئەگەر بەعسیش نەبووبێت، ئەوا ئەو فەرمانبەرە، کولتوری بەعسی هەڵگرتوە، چونکە بەعس لە ئایدیۆلۆجیا دەرچووە بووە بە کولتور.

6. کۆنترۆلی خالی سنوری برایم خەلیل، ڕێگەی سەدان و هەزارەها کوردی تێکۆشەر و ماڵە شەهیدو کۆنەپێشمەرگەیە. خۆتان بە چاوی خۆتان بینیتان کورد لە دەرەوەی وولات بە هەزاران کیلۆمەتر ڕێگەی بڕی تاوەکو دەنگتان بۆ بدات، وە هەڵسا بە هەموو ئەرکێکی نیشتمانی خۆی لەدەرەوەی وولات، چۆن دەبێت کەسانێکی بێئابڕوو لەو شوێنە دابنێن تاوەکو سوکایەتی بە خەڵک بکات.

دە فەرموون تەنها بۆ جارێک، کەمڕەوشتێکی وا سزابدەن. تا وەکوو ئیمەش زیاتر بە سەرکردە و لێپرساوی خۆمانتان دابنێین و با هەر قسە نەبێت (حوکمەت و میللەت لە یەکترو بۆ یەکترن) ئەگەر وەڵامتان داینەوە ئەوا لەو ماڵپەڕانەی ئەمەمان بڵاووکردۆتەوە، بە ئەدرەسیک یان تەلەفۆنێک ئیمە پەیوەندیتان پێوەدەکەین وسکاڵا رەسمی خۆمان ڕادەگەیێنین. ئەوکاتە سوپاسی خۆشمان بۆ ئیوە ڕادەگەیێنین. ڕووداوەکەش لە 19 ئاب دا ڕووی داوە.

پیرۆت 1 ی سێپتێمبەر 2005